# معرفی شهرستان بۆکان

کریم شریعت

ئەم ووتارە کورت بەڵام بەناوەرۆکەم ماوەیەک لەمەو پێش لە ماڵپەڕی "مرکز دائرة المعارف بزرگ اسلامی" دا خوێندەوە. باوەکوو لە مەسەلەی "وجه تسمیه" و هەندێک بابەتی دیکەدا ڕوانگەی نووسەر لەگەڵ بۆچوونەکانی من یەک ناگرێتەوە، بەڵام شێوازی توێژینەوە و ئاماژەدان بە سەرچاوەکانی بەردەست، گەلێک ڕێک وپێک و ئەمرۆیین هەربۆیەش دەکرێ ببنە سەرمەشق بۆ کەسانێک کە کاری لێکۆڵینەوە دەکەن.

نووسەری ووتارەکە، "کەریم شەریعەت" ە کە واهەیە خۆی کورد نەبێت یا کوردێک بێت کە شارەزایی خوێندنەوە بە زمانی نەتەوایەتیی نەبێت، لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی ووتارەکە هەمووی هەر فارسین و بابەتی کوردی یا زمانەکانی دیکەیان تێدا نابینرێن.

ئەوە ئەدرەسی ماڵپەڕەکەیە:

http://www.cgie.org.ir/

من لە ماڵپەڕەکە و لەبەشی *"مقالات دبا"* [دائرة المعارف اسلامی] دا، پێرستی ووتارەکانی بەرگی ١٣ م دۆزییەوە، کە ئەم ووتارەی بۆکان لەوێدا بڵاو کرابوەوە، بەڵام بەداخەوە دەستم بە ووتارەکە خۆی ڕانەگەیشت. لەهەوڵێکی دیکەدا ناوی نووسەرم "گووگڵ کرد" ووتارەکەم لە وێبلاگی "هەڵاڵەی بۆکان" دا دۆزییەوە، کە ووتارەکەی لە هەمان ماڵپەڕ وەرگرتبوو. ناوی هەڵاڵەی بۆکانیشم بۆ وێبلاگەکە پێ جوان بوو لەبەر ئەوەی یادی گۆڤاری هەڵاڵە و مامۆستای نەمر قزڵجی تازەدەکردەوە.

ئەوە ئەدرەسی وێبلاگەکە:

http://www.bokan.blogsky.com/

ئەوەش لاپەڕەی هەمان وێبلاگ کە وتارەکەی تێدا چاپ کراوە:

http://www.bokan.blogsky.com/١٣٨٨/٠٨/٠٧/post-٨٠/

ئەم وتارەشم لە هەمان وێبلاگی "هەڵاڵەی بۆکان" دا خوێندەوە کە سەبارەت بە مێژووی کۆنی بۆکان نووسراوە. بەداخەوە ناوی نووسەر وتارەکە ڕانەگەیێنراوە بەڵام دووری نازانم  کارگێڕی وێبلاگ خۆی نووسیبێتی، کە بەداخەوە ناوی ڕانەگەیێنراوە:

http://www.bokan.blogsky.com/١٣٨٩/٠٩/١٧/post-١٦٦/

لەپێرستی لینکەکانی وێبلاگەکەدا ئاماژە بە گەلێک ماڵپەڕ و وێبلاگی دیکەش دراوە، کە بەشی زۆریان سەرنج ڕاکێش و بەکەڵکن.